برای بەرێز و خۆشەویست کاک ڕەحیم محەممەدزادە
سڵاوێکی گەرم

" ئەو مرۆڤە مەزنە شیاوی ئەوەیە کە مەدالیای ئاشتی بە باڵای بەرزی گڵکۆی داکرێ "

. لە دوورەوە دەستی برایەتیت دەکوشم و سپاسی هەستی خاوێن و بەجێگەیاندنی ئەرکی هاورێیەتی، دۆستایەتی و برایەتیت بەرامبەر بەو مرۆڤە مەزنە (کاک نەبی قادری) دەکەم. قەت پێم وانەبوو کە زەمان ئاوا بە پەلە خللۆر بۆتەوە و دە ساڵ بەسەر ماڵئاوایی ئەو مرۆڤە مەزنە تێپەڕیوە، سپاسی وەبیر هێنانەوەت دەکەم. دەستت خۆش بێ بۆ زەحمەتەکانت.
دەزانین کە سەبارەت بەو مرۆڤە گەورەیە، ئەگەر سەدان ڕۆژ و بگرە سەدان لاپەڕە لە سەر کەسایەتی، گەورەیی، ڕووحبەرزی، پاکی، کوردایەتی، حیزبایەتی و لەسەریەک مرۆڤایەتی ئەو مرۆڤە مەزنە بنووسین هێشتا ئەوە نییە کە شیاوی گەورەیی ئەو بێ. تۆ بڵێی ئەو جۆرەی کە ئێمە ئەو مرۆڤە گەورەیەمان ناسیبوو هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانناسی ئەویان وەک خۆی کە بوو ناسیبێ؟.

کە چەند دێرێکم لە نووسراوەکەی جەنابتم خوێندەوە، زانیم لە سەر ئەو مرۆڤە مەزنە نووسراوە، بیرم وەک هەورەتریشقە بەرەو پۆلی چوارەمی سەرەتایی خۆم لە قوتابخانەی (پهلوی) شاری شنۆ کە ئەو مرۆڤە مەزنە مامۆستام بوو بایدایەوە و یەکێک لە بیرەوەرییەکانی سەردەمی خوێندن کە قوتابی ئەو ئینسانە گەورەیە بووم هاتەوە بیر.:
"ڕۆژێک کە لە پۆل دانیشتبووین، دوای بەیانی باش و چاک و چۆنی یەکێک لەو قوتابیانەی کە لە لای من دانیشتبوو، سرتەیەکی لەگەڵ مامۆستای بەرێز کاک نەبی کرد. دوایی کاک نەبی منی بانگ کرد بۆ دەرەوەی پۆل و لە گیرفانی شوشەیەکی عەتر دەرێنا و پێیدا کردم و کوتی: "بزانە ئەو عەترە بۆنی خۆشە ؟ " زۆرم لا سەیر بوو ! تۆ بڵێی مامۆستای ئاواش (لەو سەردەم دا) هەبێ کە ئەوەندە بە میهرەبانییەوە سەیری قوتابی خۆی بکا ؟ هەر بۆم پرسیار بوو باشە مامۆستا ئەو عەترەی بۆ پێدا کردم و ڕەوانەی پۆلی کردمەوە ؟ بە پێکەنین و ڕووخۆشییەوە ؟. بەڵێ دوایی بۆم دەرکەوت، تۆ مەزانە بەیانی پێش ئەوەی کە جلەکانم دەبەرکەم براژنم لە بەر ئەوەی تووشی "زیندەوار" نەبم دەرمانی لێداون و بۆنیان گرتووە. من ئەوکات گەورەیی و خۆشەویستی ئەو مرۆڤە گەورەیەم بۆ دەر کەوتووە، وەک زۆربەی مامۆستاکان - لەگەڵ سەری ڕێز دانواندنم لە ئاست ئەو مامۆستایانەی کە ئەرکی مامۆستایی وەک پێشرەوانی پەروەردەی کۆمەڵ بە جێ دەگەیێنن - دەشیتوانی

ئەگەر لێم نەدا، لێم توورە بێ و لە پۆل دەرمکا، کەچی ئەو مامۆستا گەورەیە بە بۆنی خۆش، رووی خۆش، پێکەنین و باشترین شێوەی رێنوێنی لە گەڵ قوتابی‌یەکەی دەجوڵاوە.
من زۆر بە نزمیی دەزانم بۆ گەورەیی ئەو مرۆڤە بەرزە کە یەکێکی وەک من بۆ نووسین لەسەر کەسایەتی ئەو پێنووس بەدەستەوە بگرێ. من تەنیا لە ئاست قوتابیانی پۆلی چوارەمی سەرەتایی ئەو مامۆستا پایەبەرزەم نووسیوە.

سەردەمێک شارەداری، شاری شنۆ بوو. ئەوەندەی کە وەبیرم دێ و بیستبووم، دڵسۆزترین و دەستپاکترین شارەداری تا ئەوکاتەی ئەو شارە بووە. بەڵام کەم واهەیە ئەو کەسانە کە هەموو ئامانجیان خزمەت کردن بە خەڵک و ئاوەدانی وڵاتەکەیانە، نەیاران بهێڵن لەسەر کار بمێننەوە. ئەوانەی کە لە ئاست ناهەقی و زوڵمدا سەریان لەوانی‌تر بەرزترە، کەم واهەیە مەیدانیان پێ چۆڵ نەکرێ. "شارەداری گەورە, نەبی قادری " یەکێک لەوانە بوو.

لە سەردەمی شۆرشی ئێران یەکێک لە هاندەران و تێکۆشەرانی ناوداری ئەو ناوچەیە بوو. کە کۆمیتەی حیزب لە شنۆ دەستی بەکار کرد، بەرپرسایەتی "کۆمیتەی شارستانی شنۆ "ی پێ ئەسپێردرا. لە هەوڵ و تێکۆشانی بێ‌وچان‌دا بوو بۆ یەکریزی خەڵک لە دەوری شۆرشی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بە رێبەری حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. بەهۆی خۆشەویستی و رێزێک کە لەناو چینی رۆشنبیر هەیبوو، زوو زوو کۆر و کۆبوونەوەی لەگەڵ پێک دێنان و هاندەریان بوو کە پشتوانی لە شۆرشی گەلەکەیان و حیزبی دێمۆکرات بکەن. ناسیاوی ئەو کەسایەتی‌یە و متمانە بەو مرۆڤە گەورەیە بوو بە هۆی ئەوە، کە زۆر کەس خۆیان لەناو ریزەکانی حیزبی دێمۆکرات‌دا ببیننەوە.

زۆر پابەندی ئوسوولی تەشکیلاتی بوو، لەگەڵ ئەوانەی کە ئوسووڵەکانیان لە ژێر پێ دەنان و لە شێوەی بەرێوەبردنی کاروباری حیزب زیاتر بەپێی بیر وبۆچوونی کەسی خۆیان کارەکانیان بەرێوە دەبرد، بەتووندی بەرهەڵستی دەکردن و هەوڵی زۆری دەدا بۆ راستکردنەوەیان. لالووت بوو لەوانەی کە پێپەستی یاساکانی کۆمەڵایەتی و حیزبی‌یان دەکرد و بە زۆرەملی دەیانەویست ئامانجەکانیان بەرنە سەر.

پروای قووڵ و ئیمانی پتەوی بە لاوان، کردبووی بە یەکێک لە پشتیوانانی توێژی گەنج. خەمخۆری گیرو گرفتەکانی کەسی و بنەماڵەیی‌یان بوو. بۆ راپەراندنی بەربەستەکانیان ئەوەی لە دەستی هاتبا کۆتایی نەدەکرد، . لە بەرابەر گرێپووچکەی، کەسانی دەور و بەری یا هەر کەس لەو روانگەوە پێوەندی پێوەگرتبا بۆ دیتنەوەی رێگا چارە خۆی بە بەرپرس دەزانی.

ئەوەی کە نووسیوتە : "مرۆڤێکی ئاشتیخواز بوو "، چاکم لە بیرە ئەگەر لە "پاسدار و بەسیجی "یەکانی ئازەری شاری نەغدە و دەوروبەری، لە شەڕەکانی دژی پێشمەرگە دەکوژران، بە حورمەتەوە تەرمەکەی ئامادە دەکرا و لەگەڵ نامەیەک کە ئەو مرۆڤە مەزنە بۆ بنەماڵەی کوژراوەکەی دەنووسی ڕەوانەی بنەماڵەکەی دەکردەوە .بۆی دەنووسین کە : "ئێمەی کورد شەڕخواز نین، ئێمە ئاشتیخوازین، داوای هەقی خۆمان دەکەین ئێمە هێرش بۆ ئێوە ناهێنین، مەهێڵن منداڵەکانتان، نائاگایانە فریوی کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بخۆن و بێنە سەرمان و خۆیان فیدای ئامانجەکانی دوژمنی هاوبەشمان بکەن. ئێمە ساڵەهای ساڵە وەک دوو گەلی کورد و ئازەری برایانە پێکەوە دەژین. بە بۆنەی کوژرانی جگەرگۆشەکەتان پرسە و سەرەخۆشیتان لێدەکەین." ئەوە یەکێک لە نموونەی رووحی ئاشتیخوازانەی ئەو مرۆڤە مەزنە بوو. ئەو کەسە شیاوی ئەوە نییە کە مەدالیای ئاشتی نێونەتەوەیی بە باڵای بەرزی گڵکۆی داکرێ ؟.

کاتێک بە نێو دێهاتدا دەرۆیشتین و لە ناو کۆڵانی دێ تووشی منداڵێکی دەتۆز و خۆڵ وەردراوی، چڵکن و قوراوی دەبووین، پێمان سەیر بوو کە مامۆستاکەم، ئەو مرۆڤە مەزنە، دادەهاتەوە، چەناگەی منداڵەکەی دەگرت و هەردوو لا روومەتی ماچ دەکرد و لەگەڵ منداڵەکە دەکەوتە قسە کردنی منداڵانە ...

بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانە زۆر ماندوو بوو. هەراسان دەبوو ئەگەر لە یەکێک ڕووداوێکی ناحەزی کۆمەڵایەتی ڕوویدابا. لە لایەک بەرووداوەکەوە خەمی دەخوارد و لە لایەکیش دەبوایە لە فکری چارەسەری کێشەکە بێ. ئەوەندەی لە توانای دابو و بە ئەرکی خۆی دەزانی کە ڕێگا چارە بۆ گیروگرفتەکانی خەڵک بدۆزێتەوە.

دوا جار لە هەڕەتی نەخۆشییەکەی کە لە نەخۆشخانەرا بە یەکجاری گەڕابۆوە بۆ ماڵ، لە وتوێژێکی تەلەفۆنیدا، کە بە دڵ نیگەرانییەوە پرسیاری چلۆنایەتی بارودۆخی نەخۆشییەکەیم لێکرد، گوێم راگرت بوو بۆ وەڵامی پرسیارەکەی خۆم کە چاوەڕوانی دەنگی شیرانەی جارانیم دەکرد بەڵام بە سەرسوور ماوییەوە شێوە دەنگی منداڵێکم بیست، کە لە جیاتی وەڵام دانەوە بە پرسیارەکەی من ئەو دەیپرسی :
" . . . دەی عەولا گیان لە وێ (کانادا) کاروباری حیزبی چۆنە ؟ ئێستا لە کۆمیتەی حیزب کار دەکەی یا نا ؟ هاورێیان چۆنن ؟ سلاوی هەموویان بگەیەنە . . . ! "
نەمتوانی شتێکی‌کەی لێ بپرسم، چاوم بە مۆلەق وەستابوون و هەر دەمکوت : بەڵێ . . . بەڵێ . . .
حەبەسا بووم. توانای دەرپرینی هیچ وشەیەکم پێ‌نەمابوو دەمزانی ئەوە ماڵئاوایی یەکجارییە:

له ماموستای گەورە و میهرەبان

له شارەداری لێوەشاوە و دەستپاک

له کادری رێبەری لێهاتوو و شارەزای حیزب

له ماوستای کۆمەلایەتی و ماندوویی نەناس

له مرۆڤی مەزن ( کاک نەبی قادری )یە

یادی بۆ هەمیشە لە ناو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەت رۆژهەلاتی کوردستان زیندووە.

به سپاسەوە : عەولا سەیدا 2006-12-2 کانادا